کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
10-4-2007 22:29بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کورتە وەڵامێک بۆ مەلا هندرێن ... دلێر جەلال باداوە

لە مە ڕ لێدوانەکەی بۆ هە فتە نامە ی جە ماوەری ژمارە (217) رۆژی چوارشەممەی 2. 4. 2007.

کاک مەلا هندرێن تۆ دەبوایە بەر لە لێدوانەکەت کەمێک ووردەکارو ژیرانە، بیرت بکردایەوەو بۆ ئەوەی نەکەوتبایتە ئەو هەڵە گەورەیە لە تۆمەت پێکرد ن و، پاشانیش شێواندنی ڕاستیەکان و نەگوتنیان وەکو خۆی.

تۆ تەنها ئەوەندەی کە بۆت دانراوە باسکردوە، وە من دڵنیام لە وەی کە خۆشت زۆر چاک دەیزانیت کە ئەمەی وتووتە ڕاستیەکان نین و مە بە ستەکەش زۆر ڕوون و ئاشکرایە لە تەوقیتی لێدوانەکەت بۆ هەفتە نامەی جەماوەر، کە ئەمە کارێکی بەرنامە بۆ داڕێژراوبووە بۆت، وەتەنها دوو ئامانجیشی هەیە.

ئامانجی یەکەم چاو سوورکردنەوەیە لە قادر عەزیز، وە ئامانجی دووەمیش ناشرین کردنی یەکیەتی و لەکەدارکردنی بەرێزمام جەلالە و تۆمەت پیکرد نیەتی لەوەی کە بەرێز مام جەلال بۆ لاواز کردنی قادر عەزیز دەعمی ئینشیقاقی ئێمەی کرد.

حەزدەکەم ئەوە بزانیت کاک قادر هیچ کاتێک دۆستی مام جەلال نەبووەو ناشبێتە دۆستی، وە لە کاتی هەرە گەرمی پەیوەندیان.. کاک قادر هەردەم لای پارتی بەتاڵ بووە، وە کاک قادر لە هەر دانیشتنێکی بۆی ڕەخسابیت هەردەم بە بێ ڕێزی باسی مام جەلالی کردوە.. کە ئەمە خۆشت چەندین جار بیستوتە، وە ئەو کاتانەی کە پەیوەندی لە نێوان پارتی و زەحمەتکێشاندا نەبووە، ئەوە نەک لەبەر ئەوەی کاک قادر هەڵوێستی بووە بەرامبەر بە پارتی، بەڵکو پارتی نەیوستوە پەیوەندی هەبێت لەگەڵ قادر عزیزو زەحمەتکێشان.

بۆیە ئەم قسانەت زۆر زۆر دوورن لە ڕاستی وە جارێکی تریش ئەڵێم ئەو لێدوانەی کە پێتکرا گەر بە مەبست و بەرنامە بۆ داڕێژراو نەبوایە، ئەوە بۆچی پێش ئەوەی ببی بە ئەندامی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەم قسانەت نەدەکرد؟ وە من دڵنیام لەوەی بەر لە بونت بە پارتی نەتدەتوانی ئەم قسانە بکەیت، چونکە ئەو کات دەبوایە تەنها ڕاستیەکان بڵێیت و بواری تۆمەت هەڵبەستنیشت بۆ نەبو.

کاک مەلا هندرێن تۆ هەروەک خۆشت دەلیی کە هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکیەتی و پارتی ئاگادار بون لە ئینشقاقەکەی ئێمە بەڵێ وابوو هەردوو لا واتە یەکیەتی و پارتی خۆمان ئاگادارمانکردبونەوە بەلام ئینشیقاق، بە پرس و ئیزنی هیچ لایەکیشان نەبوو.

وە هەر لەدوای جیابونەوەشمان ئەوە بو کە یەکیەتی نیشتمانی و جەنابی بەرێز مام جەلال یارمەتیان داین، وە ئەم یارمەتی دانەش لە چوارچێوەی ئەم یارمەتیە بوو کە دەدرا بە هەموو حیزب و ڕێکخراوەکانی سنووری یەکیەتی نیشتمانی کوردستان.

کاتێ ئێمە لە 2004 جیابووینەوە لە حیزبی زەحمەتکێشان بە دان پێنانی هەموو لایەک و خودی زەحمەتکێشانیش هەروەک خۆشت دەیلێ ی زۆرینەکە بووین، ئەمە سەڕای ئەوەی کە چەندینمان کادیرو پێشمەرگەی کۆنی شاخ بووین و خاوەن خەبات و تێکۆشەرو ماندو بووین هەر بۆیەشە جەنابی بەرێز مام جەلال بە سەخاوەتەوە دەستی یارمەتی بۆ درێژکردین کە هیچ ئامانج و مەبەست و مەرجێک نەبو لەلایەن بەرێزیەوە، وە بە پێچەوانەوە بەرێز مام جەلال چەند جارێک پێشنیاری کرد و لێمانی پرسی گەر ئەزانن بواری پێکەوە ژیان و چوونەوەتان بۆ ناو زەحمەتکێشان ماوە، ئەوا من ئامادەم ناوبژیتان بۆ بکەم، وە بە هەمو شێوەیەکیش یارمەتیتان بدەم.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هەمان پێشنیار بۆ چەند جارێک لەلایەن بەرێزانی مەکتەبی سیاسی یەکیەتی نیشتمانیش کرانەوە بۆ ئێمە، بەڵام تەواوی ئەم پێشنیارانە بە نەخێر لەلایەن ئێمەوە ڕەتکرانەوە.

کاک مەلا هندرێن ئەمە ڕاستییەکەی دەعمی بەرێز مام جەلال بوو بۆ ئێمە، وە ئێمە بە پرس وئیرادەی تەواوی خۆمان بڕیاری جیابوونەوەماندا.

وە گەر هاتباو قسەکانی تۆ یەک تۆزقاڵ ڕاستیان تیا بوایە، لەوەی کە دەڵێی ئێمە بە ڕوخسەت وئیزنی مام جەلال بە پرسی ئەویش جودابوینەوە، برِوابکە بە هەمان ئیزن، بەڵام بە بێ ڕوخسەت و بێ پرس دەبوایە بگەڕێینەوە بۆ ناو زەحمەتکێشان.

جا کاک مەلاهندرێن هەر بۆ مسداقیەتی خۆشت وا باشە شتەکان بەڕاستی و، وە کو خۆی باس بکەیت هەروەها بابەتی جیابوونەوەمان لە زەحمەتکێشان نەکەیت بە تۆمەت بۆ هیچ کەسێک و لەهەمان کاتیشدا نەیکەیت بە ئامرزای پلەو پایە و شوێن گەرمکردنت لە ناو پارتی، وە بۆ هەمووشمان ئاشکرایە کە چۆن و لەبەر چی بویت بە پارتی.

جەنابت ئیدعای ئەوە ئەکەیت کە گوایە تۆ پیاوێکی قەومیت و فکرت هەیە، وە لە دوای ڕووخانی سەدامیش ئاڵای کوردایەتی و نەتەوەیی بە دەست سەرۆک بارزانی و پارتییەوەیە، بۆیە تۆش پارتیت هەڵبژاردو بوویت بە پارتی.

ئەمە نوکتەیەکە کە بە خۆ ختووکە دانیش پیاو پێکەنینی پێ نایەت... باشە کاک مەلا هندرێن ئەی پێش ڕووخانی سەدام ئاڵای نەتەوەیی و کوردایەتی لە کوێ بوون؟ لە ئیجازە بوون؟ ... . مەگەر هەر هەمان بارزانی و پارتی پێش ڕووخانی سەدام نین؟.

کاک مەلا هندرێن مەگەر ئەوە هەمان بارزانی و هەمان پارتی نیە کە لە یەکەم جیابوونەوەمان لە (حسك) ساڵی 1984، ئەوە ی کە لە دەستیان هات پێیانکردین ...

هاوڕێ مەلا هندرێن ئەم سووکە پرسیارو زانیاریانەم بۆت، تەنها بۆ زاخاوی زاکیرە بوون، چونکە پیاوی خاوەن فکرو نەتەوەیی نابێ زاکیرەکەی کوێرەوار بێت.

وە دەربارەی زەحمەتکێشان و کاک قادریش، لە لایەک باسیان دەکەیت لە لایەکەی تریش موسالەحە دەکەیت لە گەڵ کاک قادر.. تێ ناگەم هاوڕێ هندرێن ئەویانت لە چی و؟ئەمەیانت لە چی؟ کاتی خۆی دێت کە هەرچی هەیە لە سەرکاک قادرو زەحمەتکێشان باسبکرێت، وە من لێرە تەنها ئەوەندە دەڵێم کە هۆکاری یەکەم و تەواوی هەموو ئەو ئینشیقاقانەی کە تا ئێستا کراون، وە ئەوانەی کە لە ئاییندەش دەکرێن لە حیزبی زەحمەتکێشان کاک قادرە.

وە کاک قادر دەریخست کە گەورەترین نمونەیە لە سکرتێری نا ئیداری وفاشل بە ئیمتیاز.

وە لە دونیا وا باوە خەڵکانی پارەدار، بە پارە سیاسەت دەکەن و دەسەڵاتیش دەکرن بۆ خۆیان، کە چی کاک قادر بە پێچەوانەی کرد، کاتێک کە دەسەڵات و سیاسەتی هەبوو وە خاوەن کەسایەتیش بوو، هەمووی دا بە دۆلارو حزبەکەشی کردۆتە ئامرازی دۆلار کۆکردنەوە، ناوی خۆشی خستە ناو لیستە ڕەشەکە.

کاک قادر ئێستا بوتە مام هەیاس لە حیزبی زەحمەتکێشان وە قەت نایەڵێت زەحمەتکێشان لە وەندەی کە هەیە زیاتر گەشە بکات، تاوەکو کاک قادر سکرتێری بێت، نەتیجەکەشی مەعلومە ... . وە ئێستا قادر عزیزو زەحمەتکێشان لە مەوقعێکن کە هیچ کەس ئیرەییان پێ نابات.

دوا شت ئەوە ماوە کە پێتی بڵێم بۆ ئاگاداریت کاک مەلا هندرێن دوای ئەوەی کە تۆ بەرێ کەوتیت بۆ ناو پارتی، منیش گەڕامەوە وە ئێستا لە ماڵی خۆم دانیشتوم... بەڵام بێدەنگی ناکرێت لە ئاستی ئەوەی کە ئەم خەڵکانە بکەیت بە دەستی ئەم لاو ئیملا، وە خۆشت پیاوە قارەمان و پاکەکە بیت و،

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەناهەقیش ڕاستیەکان بشێوێنی و تۆمەتیش بخەیتە پاڵ بەرێز مام جەلال و یەکیەتی نیشتمانی کۆردستان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.